# سارتەر لە لووتكەی پەرەستگای رۆشنبیریەوە

ن/ عەلی ئەمینی نەجەفی

و/ لەفارسییەوە _ نەبەز دڵدار

ژان پۆل سارتەر یەكێك لە بەرچاوترین فەیلەسوفە هاوچەرخەكانی فرانسایە كە سەد ساڵ پێش ئێستا لە دایك بوو. سارتەر درێژەدەری كەلەپووری بەنرخی نەریتی فرانسایە كە نوسەرانێك وەك ڤیكتۆر هۆگۆ، ئیمیل زولا، ئەندرە ژید و رومان رولان نوێنەرەكانی تری بوون.

لەم نەریتە رۆشنبیرانەیەش، جێگا و رێزێكی تایبەتی هەیە، هەروەها ئەركی گران. سەرچاوەیەكی زانایە كە مافی ئەوەی نییە بەرانبەر نە وەكهەڤی و ناڕەواییەكانی كۆمەڵگا بێدەنگ بمێنێ. ئەو ئەبێ خۆی تێكەڵی هەموو بارودۆخەكان بكات و بەرپرسیاری ویژدانی خۆی پێكبێنێت.

سارتەر لە 21ی ژوئن ی ساڵی 1905 لە پاریس لەدایكبوو. بەهۆی مردنی زوو و لەناكاوی باوكییەوە، لەماڵی باپیری شارل شواتیزر كە كارناسێكی بەناوبانگی زمان و بیری ئاڵمانی بوو، گەورە بوو.

منداڵێكی زۆر زیرەك، بەڵام گۆشەگیربوو. لە پرتووكی درەخشانیدا بەناوی "وشەكان" كە بیرەوەرییەكانی منداڵی تێدایە، باسی ئەو ساڵانەی منداڵی ئەكات كە زۆرتر لەهەر شوێنێك لەناو كۆمەڵە پرتووكەكاندا بەخوێندنی پرتووكە گرنگەكانی وێژەیی و مێژوویی تێپەڕاندووە.

ساڵەكانی سەرەتایی ژیانی لەپاریس و پاشان لەشاری لوئاور بەسەربرد. پاش تەواوكردنی زانكۆ بووە مامۆستای وێژەیی و فەلسەفە. بەكەڵك وەرگرتن لە دەرماڵەی خوێندن چوو بۆ ئاڵمانیا و لەوێ درێژەی بە خوێندن دا. لێرەبوو كە لە گەڵ فەلسەفەی بناخەی هەبوون(ئگزیستانسیالیزم)ی مارتین هایدگر و رووداو ناسیەكەی ئەدمۆند هۆسرلّ ناسینێكی قووڵی پەیدا كرد.

سارتەر هەر لە نووسینە تیۆریە سەرەتاییەكانی خۆیدا،قووڵبینییێكی كەم وێنە لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی رووداوە فەلسەفیەكان نیشان دابوو، لە زووترین كاتدا وەكوو پێشەنگی ئگزیستانسیالیزمی دوور لە دین لە فرانسادا ناسرا.

سارتەر دەستی كرد بە بڵاوكردنەوە فەلسەفیەكانی خۆی، كە هەمیشە بەڵگە كۆمەڵایەتییەكانی لە گەڵ بوو. ئەو بەردەوام لە رەوتی هزردا، مۆدێرن و نەریت شكێن، و لە دەربڕینی بۆچوونەكانیدا نەترس بوو. لە بۆچوونی سارتەردا، مرۆڤ ناوەندی تەواو و موتڵەقە. ئەو لە جیهاندا مەحكوومی ئەو ژیانەیە كە هەڵیشی نەبژاردووە، بەڵام بە نرخترین سەرورەیەتی.

سارتەر لە 1938 بە بڵاوكردنەوەی رۆمانی"تهوع" بوو بە خاوەنی ناوبانگییەكی زۆر. لەم پرتووكەدا دڵەروكێی هەبوون، بێهودەیی ناوەرۆكی كەون، بە ورەیەكی بێ وێنە دارێژاوە. سارتەر بۆ دەربڕینی بۆچوونە فەلسەفیەكانی، لە قەوارە وێژەیەكان سودی وەردەگرت. بەم شێوە تازەیە دەیتوانی بۆچوونەكانی خۆی روونتر و بە هێزێكی راكێشانی زۆرترەوە دەربڕێت.

لە جەنگی جیهانی دووەم بە هێرشی سوپای رایسی سێیەم بۆ فرانسا، سارتەر جل و بەرگی سەربازی پۆشی و رەوانەی گۆرەپانی شەڕیان كرد. لەوێش بە دیلی گیرا. پاش هەڵاتنی لە ئۆردووگای ئەسیران، پەیوەندی كرد بە تەڤگەری خۆڕاگیرییەوە و لە ناو رێزی تێكۆشەرە كمۆنیستەكان دەستی بە تێكۆشین لە بەرانبەر داگیركەرانی نازی كرد.

سارتەر لە گۆڕەپانی وێژەدا

سارتەر پاش تەواوبوونی جەنگ، هەموو توانای خۆی خستە خزمەتی نوسین، و گۆڤاری چەپ گەرایی (دەورانی مۆدێرن)ی چاپ و بڵاو كرد، كە بە كاریگەرترین بڵاوكراوەی مێژووی فرانسا ناو دەبرێت.

لە رەوتی وتو وێژە گەرمەكانی شەڕدا بوو كە سارتەر بۆچوونەكانی خۆی زەلاڵتر كرد و لە ئاستێكی فراوانتردا بڵاوی كردنەوە. بۆ سارتەر نوسین جۆرێك لە كردەوە كۆمەڵایەتیەكانە بۆ پێكهێنانی ئازادی. بە رای ئەو "مرۆڤ مەحكوومی ئازدییە". مرۆڤ بە هاتنی بۆ جیهان، بەرپرسیاری هەموو ئەو كارانەیی كە دەیكات.

یە پێچەوانەی ئەوەی كە باوە، سارتەر بانگەوازی نوسەر بۆ پەیمان داپین ناكات، ئەو نوسینی وەك كردەوەیەكی پەیمان دایین ئەزانێ. لە دیدگای سارتەرەوە نوسەر لە گەوهەری خۆیدا و بە گوێرەی كردەوە كۆمەڵایەتیەكانی خۆی پەیوەندیدارە.

سارتەر لە گۆڕەپانی سیاسەتدا       بەڵکوو بتوانین سارتەر وەکوو لایەنگری (چەپی نوێ)ی ناوزەد بکەین، بەڵام بێگۆمان لە گەڵ (مارکسیسمی کلاسیک) و (کمۆنیسمی ئایدیۆلۆژیک) نەگۆنجاوە. بە گوێرەی سارتەر بۆچوونی ئایدیۆلۆژیک دژی ئازادی ئینسانەکانە، لە گەڵ ڕێکخراو و هزرە ئیدەولۆژیکەکاندا پەیوەوندیەکی ئەوتۆی نییە. سناریوی (دەستە پیسەکان) رخنەی دیدگا و شێوە باوەکانی ناو حیزبە کمۆنیستیەکانە.

سارتەر دانیشتووی کۆشك و سەرا نەبوو. سەرەرای ئەوەی کە پرتووکە فەلسەفیەکانی لە بەرزترین ئاستی زانکۆدا دەگۆترایەوە، بەڵام ئەو خۆی پیاوی چایخانە و شەقامان بوو. لە وتوویژ لە گەڵ رۆشنبیرو قۆتابیە نارازییەکان و کرێکارە یاخیبووەکاندا ماندوو نەدەبوو.

لە دیدگای سارتەرەوە قبووڵ نەکردن و رەدی ئەو مەرجانەی کە هەیە، لە سروشتی هەر رۆشنبیرێکی واقعیدا هەیە.هەرچەندە لەوانەیە بۆچوونەکانی تۆندرەوانە و ئاڵۆزکەرانە بنوێنێ، بەڵام هەمیشە پڕ لە راستی و نەترسیین. لە ئازادی رادەربڕین لە هەموو شوێنێك پشتیوانی ئەکرد. هەروەها پشتیوانی رۆژنامەنووسە تۆندرەوەکان، گەنجە ئانارشیست و تەنانەت تەڤگەرە ترۆریستەکان (فراکسیونی سپای سوور لە ئاڵمانیا)ی ئەکرد.

هەندێك لە سناریۆەکانی وەکوو "مێشەکان" "دەستە پیسەکان" و "گۆشەنشینانی ئاڵتونا" ئێستاش بەردەوام لە سەر سەکۆی شانۆ نمایش ئەکرێن. بەڵام سناریۆی "شەیتان و خودا" زۆر دەگمەن نمایش ئەکرێ.

خەڵاتی نوبڵی لە وێژەوانی لە ساڵی 1964 پێشکەشی کرا بەڵام قبوڵی نەکرد. لە ژیانی تایبەتیدا هەمیشە نەریت شکێن بوو. لە ساڵی 1929 تا ساتەکانی دوایی تەمەنی پەیوەندیەکی کراوەو و ئازادی لە گەڵ سیمون دوبواری نوسەری فەمێنیست بەردەوام کرد.

لە 15ی ئاڤریلی 1980 چاوی لە جیهان بەست و مەیتەکەشیان لە گۆرستانی مون پارناسی پاریس بە خاك سپارد.